# تیرۆریزم گەراکەی لەنێودڵی خۆماندایە!!!

**عومەر کەریم بەرزنجی**

Umar_barznji@yahoo.com

وێناکردنمان بۆخودا وێنا کردنی زاتێکی بەخشندەو میهرەبان بوو, زاتێک کە هەموو جوانییەکی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە, زاتێک ئەم هەموو جوانییەی بە ژیان بەخشیوەو دنیای بەفرە رەنگی و جیاوازی خولقاندووە, دەکرێت لەمە بەدوا ئەو زاتە بەجۆرێکی دیکە بناسین, ئیدی ئەو بەخشندەو میهرەبانە نیە کە ئێمە دەماننناسی ئیدی ئەو جەلادێکی شمشێر وەشێنەو زاتێکە شەیدای رشتنی خوێنی ئەو کەسانەیە کە لە فەرمانەکانی ئەو سەرپێچی دەکەن, ئیدی ئەو زاتێکی سادییەو چێژ لە سەربڕینی قوربانییەکان دەبینێت ئەو قوربانییە سڤیل و بێدەسەڵاتانەی هیچ گوناهێکیان دەرهەق بە خودا نەکردووە. تیرۆریست ئەو کەسەیە کەخۆی بەپیاوێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی خودا دەزانێت,ئەو پێی وایە پێویستە شمشێرەکانی ئیمان بەخوێنی گەردنی کەسانی گومراو کافرو دوژمنانی خودا ئاو بدرێن: ئەو پێی وایە مادەم وەک ئەو بیر ناکەیتەوەو شوێن کەوتەی ڕێبازەکەی ئەو نیت کەواتە دوژمنی خودایت و دەبێت مەحکوم بیت بەمەرگ.

کەم نین ئەو هێزو تەیارە فیکریانەی تەواوی بیروڕاکانی دەرەوەی خۆیان قبوڵ نیەو ئەوانی دی بەلادەرو گومڕا دەبینن وەلێ ئەوەی ئێستا هەمیشە باسدەکرێت و ناسراوە ئەو تەیارە ئیسلامییە توندڕەوە جیهادییانەن کە لەتەواوی دنیادا بەتوندوو تیژی و تیرۆر ناوو ناوبانگیان دەرکردووە, یەکێک لەو ڕێکخراوە گەورانەی کە دەورو کاریگەرییەکی زۆری بۆسەر تەواوی بزوتنەوە ئیسلامیەیەکانی جیهان هەیە, ڕێکخراوی قاعیدەیە, ئەم ڕێکخراوە دوای کارەساتەکەی 11ی سێپتەمبەر بۆتە شتێکی ئەفسانەیی و ئیلهام بەخش بۆ تەواوی تەیارە ئیسلامییە جیهادیەکان, گەلێک جار لەباسکردنی ڕووداوە خۆکوژییەکان و کردە تیرۆریستیەکانی نێو عێراق باس لە ڕۆڵی زەرقاوی دەکرێت نوێنەری ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق, وەلێ زەرقاویش وەک خودی بنلادنی لێهاتووە لەهەموو شوێنێکەو لە هیچ شوێنێکیش نیە وەلێ بەپێی میدیاکانیێت زەرقاوی ڕۆڵێکی کاراو گرنگی هەیە لە ڕێکخستن و یارمەتیدانی کردەتیرۆریستیەکان, دەشێ بۆچوونێکی نادرووست بێت ئەگەر پێمان وابێت تیرۆر بەتەنها لەدەرەوە دێت و خۆمان لێی بەرپرسیارنین یاخود تەواوی تیرۆریستان کەسانی بێگانەن و لەدەرەوە هێنراون, ئاشکرابوونی ئەو باندەتیرۆریستیەی هەولێر دەری دەخات کە تیرۆریستان گەرایان لەناو دڵی خۆماندا داناوەو ئێمەیش بێئاگاین لەوەی تیرۆریستان بەشێکن لەخۆمان بەشێکن لەم کۆمەڵگایە کورد لەمێژە وتویەتی دزی خۆماڵی گرتنی زەحمەتە, وەلێ جێگەی دەستخۆشیە باندێی ئینسانکوژ باندێکی دزی خۆماڵی ئاشکرادەبن و پیلانەچەپەڵەکانی ئایندەیان هەڵدەوەشێنرێتەوە, پیلانی تەقاندنەوەی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و پارێزگای هەولێر, ئایا ئەگەر ئەو هەزار کیلۆ تی ئێن تی و پەنجا کاتیۆشایە بتەقێندرایەتەوە چی کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوتەوە, دەشێ بپرسین ئایا تیرۆریستان چەندکەسی ناپاکیان لەریزەکانمان و دەزگاگرنگ و هەستیارەکاندا چاندووە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی ریزەکانی ئەودەزگایانە لەو جۆرە کەسانە پاکبکرێتەوە, کە بێگومان پاککردنەوەی ئەودەزگایانە لەو جۆرەکەسانە ئاسایش و ئارامیمان بۆ دابین دەکات و چیتر تیرۆر ناتوانێت خۆی بکات بەماڵەکانماناو چیتر هاوڵاتیانمان بەدەنگی ناسازی تەقینەوە راناچڵەکێن, بۆ ئەو مەبەستەیش پێویستە کەسانی گومان لێکراو بخرێنە ژێر چاودێرییەوەو بەوردی چاودێری بکرێن لە ئێستادا پێویستە دەزگایەکی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە دابمەزرێت بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر و شوێنپێهەڵگرتنی تیرۆریستان لە پێناو بنەبڕکردنیاندا, دەشێ ئەم دەزگایە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئاسایش و ڕێکخستنەکانی حیزبە کوردستانییەکان کارەکانیان جێبەجێ بکەن, ناشکرێت ڕۆڵی بەبایەخ و ماندوونەناسانەی دەزگای ئاسایش لەبەرچاونەگیرێت کە تا ئێستا کەسانێکی دڵسۆزی ئەو دەزگایە لەکاتی پوچەڵکردنەوەی تی ئێن تی دانراودا شەهیدبوون, وەلێ لەهەمان کاتدا دەکرێت گومانی ئەوە بکرێت کەسانی دیکەی هاوشێوەی ملازم"دلێر زرار" لەژێر پەردەی نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی و بەرواڵەت حیزبی بونەوە ژێربەژێر هاوکارو

هەڵسوڕاوی کارای ئەنسار بن و ئێمەیش پێیان نەزانین, وەلیٚ ئاشکراکردنی ئەم باندە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاککردنەوەی ئەودەزگاگرنگە لەوجۆرە کەسانەو بنەبڕکردن و لە ریشە دەرهێنانی تیرۆریزم.

ئەرکی هەنوکەیی زانایانی ئیسلامی و ئەو تەیارە ئیسلامییانەیش کە لەکوردستاندان و خۆیان بەبەشێک لەم گەلە دادەنێن ئەوەیە زۆر بەرونی هەڵوێستیان هەبیٚو ئیدانەی ئەوجۆرە کارانە بکەن و هەوڵی گەشەپێدانی کلتوری لێبوردەیی بدەن و دەرفەتێک بۆ ئەوکەسانە نەهێڵنەوە بەناوی جیهادەوە خەڵکی سڤیل بکەن بەقوربانی و کلتوری ترس و تۆقاندن پەرەپێبدەن, زۆرجار بێدەنگ بوون لەئاست روداوێکدا رازی بوون دەگەیەنێت, کەواتە ئەوانەی لەئاست ئەوجۆرە کردەوانەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن پێبزانن یان نا هاوکاری ئەوجۆرە کردەوانەن و تامەزرۆی رشتنی خوێنی کەسانی بێتاوانن کە ئەمەیش دورە لە بنەماکانی ئاین.

ئەو تەیارە جیهادیە سەلەفیانە نەریتێکی زۆر دزێوو دژ بەمرۆڤایەتی و بنەما پیرۆزەکانی ئاینیان هێنایە کایەوە نەریتی سەربڕین و ئەتک کردنی جوانترین درووستکراوی خودا, مرۆڤ, ئەو مرۆڤەی جێنشینی خودایە لەسەرزەوی کەسانێک دێن و بەناوی پارێزگاری لە دین دژ بە بنەما پیرۆزەکانی ئاین دەوەستنەوە, ئەوان جیاوازی جەنگاوەرێک و منداڵێکی ساوا ناکەن, جیاوازی لە نێوان پیرە پیاوو پیرە ژنێک و گەنجێکدا ناکەن, ئەوان دەیانەوێت لە پرۆسەیەکی خۆکوژیدا تەواوی کەسانی دەورو بەریان لەناو بەرن, ئەوان تەکفیری کۆمەڵگا دەکەن و خەون بەسڕینەوەی هەموو ئەو کەسانەوە دەبینن کە لەدەرەوەی دنیابینی ئەوان, خەون بەژیانێکی ئاسوودەوە دەبینن, ژیانێک دووربێت لە کەسانی مەرگ دۆست.